# ژیان لە نمایشی (ماڵێک لە بێدەنگی)

کامەران حاجی ئەلیاس

## بیرۆکەی شانۆگەرییەکە

بیرۆکەی شانۆگەرییەکە باس لە شەڕ و ئاکامی شەڕ دەکات لە نێو خێزان و لە کۆمەڵگاش بەگشتی، ڕووداوی شانۆگەرییەکە بە ژیانی پیاوێک دەست پێ دەکات کاتێ وەک وێنەگری فۆتۆگرافی جەنگ هەموو چرکەساتەکانی جەنگی لە ڕێگەی کامێراکەیەوە وێنەگرتووە، هەر لە وێنەگرتنی سەرکەوتن و ونوشستی تا وێنەی گرتنی زۆربەی هاورێیەکانی کە لەکاتی شەڕ دەبنە قوربانی، ئینجا شانازیش بە کارەکانی خۆیەوە دەکات، لە هەمان کاتدا خۆی بە پاڵەوان و سەرکەوتوو دەناسێت، کەچی لەناو ماڵەکەی خۆیدا کەسێکی دۆڕاو و هەموو ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی لە دەست داوە، ئافرەتێک کە خێزانی ئەو پیاوەیە وەک ڕەتکردنەوە و دەربڕینی نارەزایی بەرانبەر بە شەڕ بڕیار دەدات بەهیچ شێوەیەک قسە و گفتوگۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی نەکات، تا ئەو کاتەی بتوانێ هاوسەرەکەی بگۆڕێت، هەر واش بوو بە بێدەنگیی خۆی دەتوانێ ببێتە فاکتەری خێر و گرەوی کلیلی سەرکەوتن بە بەرۆکی خۆی و هاوسەرەکەیدا بکات، ئەمە چەمکی شانۆگەریی ماڵێک لە بێدەنگی بوو، کە پێمان دەڵێت : هەردەم لایەنی خێر و پاک و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی گرەوەکان دەکەنە ترۆپکی ئاشتی و بەختەوەری.

## دەق

بەندە چەندان جار لە نووسینەکانمدا جەختم لەوە کردووەتەوە کە ئامادەکردنی دەقێکی شانۆیی لە دوو دەق و لە دوو نووسەری جیاواز، یان زیاتر کارێکی سەختە و ئاسان نییە، ئەگەریش هەیە کە هیچ نووسەرێک ئەوەی



لاپەسند نەبێت چەند دێڕێک، یان بیرۆکەکەی لەگەڵ بیرۆکەی نووسەرێکی تر تێهەڵکێش بکرێت، بۆ ئەوەی دەقێکی نوێی نمایشی لەسەر بنیاد بنرێت، ڕاستە لەم نمایشەدا هەردوو نووسەرەکە ئێراقین، لە (یووسف سائغ و فەلاح شاکر)ـەوە وەگیراوە، لەیەک کۆمەڵگا و لەیەک بارودۆخ ژیاون، بەڵام مەرج نییە وەک یەک بەیەک شێوە و بەیەک فۆرم بیر بکەنەوە، واتە یەک بیرکردنەوەیان بۆ بابەتێک هەبێت، کەچی دەرهێنەر (کرمانج مستەفا) تاڕادەیەک توانیبووی دەقێکی نمایشمان پێشکەش بکات، بە تایبەتی لە ڕووی سەرەتاوە، ململانێ، ڕووداو، ترۆپک، چارەسەر لەگەڵ کۆتایی، بەجۆرێک بێت بینەر هەست بەوە ناکات شانۆگەرییەکە لە دوو دەق وەرگیراوە، ئەوەشیان خاڵێکی گرنگی سەرکەوتنی شانۆگەرییەکە بوو.

## نواندن

نواندن لەم شانۆگەرییەدا تاڕادەیەک دەتوانین بە نواندنی تاکەکەسی (مۆنۆدراما) لە قەڵەم بدەین، بەتایبەتی لە ڕووی دیالۆگ (زمانی گفتۆگۆ)، ئافرەتەکە بە درێژی ماوەی شانۆگەرییەکە لەسەرەتا تا کۆتایی شانۆگەرییەکە هەبوو، بەڵام تەنیا یەک دیالۆگی لە کۆتایی نمایشەکەدا هەبوو کە بریتی بوو لە وشەی (بەڵێ) ئەمە لە ڕووی دیالۆگەوە ئەگەر بەشێوە هونەر و ئەکادیمیاییەکە سەیری ڕۆڵی ئافرەتەکە بکەین، بێ گومان نواندنەکەی زۆر زەحمەتە تۆ بتوانی دیالۆگەکان بەبێ دیالۆگی قسەکردن تەنیا لە ڕێگەی ئاماژە و هێما بگەیەنیتە بینەرانی ئامادە بوو، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە نواندن بە زمانی ئاماژە و هێما و جەستەی مرۆڤ کارێکی ئاسان نییە، دەبێ ئەو کەسە زانیاری تەواوی لەسەر زانستی هێما و ئاماژەکان هەبێت، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئاڵوگۆڕ و بیروبۆچوون و چەمکەکان بەرجەستە بکات و لەگەڵ کەسی بەرانبەر و بگەیەنێتە بینەران.

ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی ئافرەتەکەی دەگێڕا خاتوو (لەیلا مەجیدی) تاڕادەیەک توانیبووی لە ڕێگەی ئاماژە و جووڵەکانی دیالۆگەکانی بگەیەنێتە بینەران، بەتایبەتی گەیاندنی هەردوو چەمکی ناوەوە و دەرەوەی کەسایەتییەکە و سەرجەم حاڵەتەکان، بەتایبەتی حاڵەتی دەروونی لەگەڵ کاروکاردانەوەکانی پیاوەکە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەلوپەلی (ئیکسسوار)ی شانۆییەوە، بە تایبەتی مەکینەی دروومان، قوماش، مقەست، ڕووناکی و میوزیکی شانۆیی یاریدەدەرێکی باشی بوون زۆرجاریش لەیەک ساتی زۆر کورتدا بەجووڵەیەکی بچووک لە ڕێگەی چاو، یان پەنجەکان، یان لە ڕێگەی ئاوڕدانێکەوە، مانا و گوزارشتی زۆری دەبەخشی، هەندێ دیالۆگ کە ئەگەر ڕاستەوخۆ بە دیالۆگی زمانی قسەکردنی کردبان، لەوانەیە بەقەد زمانی جووڵە و ئاماژە بەهێز و کاریگەر نەبووایە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت ئەکتەری بەرانبەر (پیاوەکە) کە دەرهێنەر خۆی ڕۆڵەکەی بەرجەستە کردبوو، هاوکار و یارمەتی زۆر بوو بۆ سەرخستن و گەیشتنی پەیامەکەی (لەیلا مەجیدی) بە جۆرێک بینەر درکی بەوە دەکرد کە ئافرەتەکە وەک پیاوەکە دیالۆگەکانی بە زمانی قسەکردن دەڵێت نەک بە ئاماژە و هێما، ئەمەش بۆ توانستی ئەکتەرەکە دەگەڕێتەوە، بۆیە مایەی ڕێز و دەست خۆشییە لەگەڵ ئەوەشدا (لەیلا مەجیدی) لەهەندێ حاڵەتدا وەک پێویست نەبوو، بۆ نموونە لەکاتی دیالۆگدا کە تەنیا وشەی (بەڵێ) زیاتر لە چەند جارێک دووبارە کردەوە، دەکرا هەر جارەو بەشێوەیەکی جیاواز لە ڕووی دەمودووەکەی بکردایە، یان تەنیا یەک جار ئەم دیالۆگەی گوتبا بە جۆرێک مانا و مەدلوولی خۆی کە دەرهێنەر مەبەستی بوو بە ئامادەبووان بگەیەنێت.

هونەرمەند کرمانج مستەفا ڕۆڵی پیاوەکەی دەگێڕا، ئەوەندی من کارەکانی ئەم هونەرمەندەم بینیوە، هەردەم لەبواری دەرهێنان لە نواندن سەرکەوتووتر بوو، بەڵام لەم نمایشەدا دەتوانم بڵێم هاوسەنگی تەواوی لە نێوان نواندن



و دەرهێناندا دروست کردبوو، ئەگەرچی بۆچونێک هەیە دەڵێت: ئەو کەسەی نواندن دەکات وەک ئەوەی بینەران نواندنەکەیان دەبینن خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە نواندنەکەی خۆیان وەک بینەر نابینن، بۆیە لەوانەیە کەموکوڕی لە نواندنەکە هەبێت، بەڵام خودی خۆی درکی پێ نەکات.

هەرچەندە زۆر جار ئەکتەر لەبەردەم ئاوێنە نواندنەکەی خۆی دەکات، یان لە ڕێگەی کامێراوە پرۆڤەکانی تۆماردەکات، پاشان سەیری دەکاتەوە بە مەبەستی دیاریکردنی لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی نواندنەکەی خۆی، بەڵام بۆچوونی خۆم ئەوەیە کە کاتێ دەرهێنەر کاری دەرهێنان دەکات خۆی نواندن نەکات بۆ ئەوەی هەموو هزر و توانستی خۆی بۆ پرۆسەی دەرهێنان تەرخان بکات و نمایشەکە لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بێت، کاتێ لە کرمانج مستەفام پرسی بۆچی خۆت ڕۆڵی (پیاوەکەت ) بەرجەستە کرد، لە وڵامدا گوتی:" ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئەکتەرەکان، بەڵام بۆ ڕۆڵ بینینی ئەم کەسایەتییە ئەکتەری وام لەبەر دەست نەبوو بتوانێ ئەوەی من دەمەوێت ئەو ئەکتەرە بەرجەستەی بکات، لەلایەکی تریشەوە من هەستم کرد خۆم زۆر لەم ڕۆڵەوە نزیکم ".

کرمانج مستەفا بەهۆی ئەوەی زۆربەی دیالۆگی گفتوگۆکردن بەتەنیا بوو، ڕاستە ئەکتەری دووەم لەسەر تەختەی شانۆ بوو، بەڵام کەسێکی (لاڵ) بوو، ئەمەش ماندووبوون و توانستێکی زۆری پرۆڤەی پێویستە، لەهەمان کاتدا بۆ سەرکەوتنی ڕۆڵەکەی تارادەیەکی زۆر سوودی لە کەسایەتی (هاملێت) و ( ئۆتۆئێلۆ)ی شکسپیر بینیوە، بەتایبەتی لە دیمەنەکانی شێت بوون، گوڵ فرێدان، فرێدانی جلوبەرگەکە، لەگەڵ زۆربەی هەڵچوونەکانی، ئەمەش بۆ هەر ئەکتەرێک کارێکی ئاساییە بۆ دۆزینەوەی حاڵەتە ڕوحییەکانی ئەو کەساییەتییەی بەرجەستەی دەکات.

خاڵێکی تری سەرکەوتنی کرمانج مستەفا ئامادە باشی بۆ(فلاش باک) بوو، کە پێویستە هەموو ئەکتەرێک ئەو ئامادەباشییەی هەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو ئەکتەرێک دیالۆگی لەبیر چووەوە، یان ڕووداوێک ڕووی دا، چۆن چاسەری دەکەیت؟ بێ ئەوەی بینەران هەستی پێ بکەن، واتە دەبێ ئەکتەری سەرکەوتوو ئامادەباشی هەبێت بۆ ڕۆڵ بینینی کەسێتی لەناو کەسێتی، ڕووداو لەناو ڕووداو، کات لە ناو کاتدا، لە نمایشی ئەم شانۆگەرییەدا ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە ڕووی دا کاتێ پارچە ئاگرێک لە بنمیچی شانۆ کەوتە سەر تەختەی شانۆ، لەم حاڵەتدا دەبێ ئەکتەر چۆن هەڵسوکەوت بکات ؟چۆن ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، لەهەمان کاتدا کار لە ڕێڕەوی نمایشەکە نەکات، بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات هیچ کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر نمایشەکە نەبێت، کاتێ زیاتر لە (٣٠ - ٤٠) جار پرۆڤەکراوە، بەڵام ئەم حاڵەتە ڕووی نەداوە، کەچی لە ڕۆژی نمایشدا ڕووی دا، کرمانج مستەفا بەشێوەیەکی زۆر هونەری ئاگرەکەی دامرکاندەوە و گیانی ئەکتەرەکان و بینەرانیشی پاراست، بە جۆرێک ڕووداوەکەی خستە خزمەتی نمایش و نواندنەکەی، ئەگەر ئەکتەرێکی تر لە شوێنی ئەو بوایە لەوانەیە تووشی شڵەژان با و نمایشەکەش سەرکەتوو نەدەبوو، گیانی هەموو لایەکیش دەکەوتە مەترسییەوە، دەست خۆشی لە کرمانج مستەفا دەکەم کە حاڵەتی ئاگرەکەی بە شێوەیەکی نۆرماڵ تێپەڕاند، بە ڕادەیەک هەندێ لە بینەران هەستیان بە ئاگرەکە نەکرد، هەروەک بەشێک لە نمایشی شانۆگەرییەکەیان بینی، بۆیە دەبێ ئەکتەر بۆ هەر حاڵەتێک ئامادەیی هەبێت.

کرمانج مستەفا ڕاستە لە ڕۆڵەکەی وای دەخواست کەسێکی شەڕانگێز و بە هاتوهاوار و تووڕە بێت، بەڵام بەردەوامی لەسەر ئەم ڕیتمەی لە هەندێ دیمەن دیالۆگ و نواندنەکەی ون دەبوو، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە زۆر جار بێ دەنگی مەبەستدار بەهێزترین و پڕ ماناترین دیالۆگە.



### دەرهێنان

دەرهێنەر بەسوود وەرگرتن لە چەند قوتابخانەیەکی دەرهێنان وابەست نەبوو بە ڕێبازێکی دیارکراوی شانۆیی، نمایشەکە سەرکەوتوو بوو، لەهەمان کاتدا جۆرە دەربازبوونێک بوو لە ڕەخنەگرتن. دەرهێنەر لە پانتاییەکدا شەڕ و ئاشتی پیشانداین، بە دابەشکردنی تەختەی شانۆ و هاوسەنگی لە نواندن و کەرستە و دیکۆر و ڕووناکی، لە هەمووی گرنگتر سینۆگرافیا هاوکاری باشی پرۆسەی دەرهێنان بوو، بەتایبەتی (فیگەری وێنەکان)، ئەگەرچی زۆر لە ئامادەبووان (فیگەرەکانیان) بەتێکەڵکردنی سینەما بە شانۆ دانابوو، بەڵام ئەمە کارێکی سینەمایی نەبوو چەند (فیگەری) کامێرای فۆتۆی وێنەیی جێگیر بوون، لەلایەکی ترەوە دەرهێنەر زۆر زیرەکانە لە گۆڕانی دیمەنەکان و لکاندی بەیەکەوە سەرکەوتوو بوو، بە جۆرێک بینەران زۆر لەگەڵ دیمەنەکان ئاوێتەی ڕووداوی شانۆگەرییەکە بووبوون، بەواتایەکی تر کەشێکی شانۆیی لە ڕێگەی دەرهێنان بۆ ئامادەبووان فەراهەم کردبوو. هەڵبژاردنی هۆڵی نمایش زۆر گرنگە، دەهێنەر ئەو هۆڵەی هەڵبژاد کە بینەران زۆر لە تەختەی شانۆوە نزیک بوون، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەموو هێما و ئاماژە و چرپەی ئەکتەران ببینن.

ئیکسسواراتی شانۆیی لە بەرجەستەکردن و شێوازی دیدگای دەرهێنەر لە خزمەتی پرۆسەی دەرهێنان بە مانا و مەدلوولی زۆرەوە بەکارهاتبوو، وەک (مقەست) و سوود وەرگرتن لە دەستەواژەیەکی کوردی (زمانت بە مقەست دەبڕم) بەکارهێنانی مقەست بە شێوازێکی هونەری لەگەڵ دروستکردنی نیشانەی (ئێکس) لە ڕێگەی پەتی هەڵخستنی جلوبەرگ و فرێدانی پۆستاڵ وەک هێمایەک بۆ دەربازبوون لە ڕوحی شەڕ، نیشاندانی تارمایی کۆمەڵێک کەس لەدواوەی شانۆ لە کاتی ناشتنی قوربانییەکی شەڕ. دیمەنەکانی گرتەی ژیانی ڕۆژانەی (ئافرەتەکە) لە ڕێگەی فیگەرەکان لە چەند ساتێکی کورتدا سەرکەوتوو بوو، لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا ئەو کامێرایەی پیاوەکە بۆ شەڕی بەکاردەهێنا توانستی بۆ وێنەی (سێلفی) خۆشەویستی خۆی و هاوسەرەکەی بیگۆڕێت.

دەرهێنەر کەشێکی شانۆیی بۆ ئامادەبووان دروست کردبوو، بە جۆرێک هۆڵی شانۆی کپ کردبوو، بە واتایەکی تر بینەر خۆی لەنێو نمایشەکەدا دەدۆزییەوە بەڕادەی ئەبڵەقبوون، شانۆگەرییەکە کۆتایی هاتبوو، بینەر هەر بێ دەنگ بوو.

شانۆگەری ماڵێک لە بێدەنگی لە دەقی (عەبا)ی هەردوو نووسەری ئێراقی یووسف سائغ و فەلاح شاکر وەگێراوە، لە وەرگێڕانی ڕێبین ڕەسووڵ، سینۆگرافیای (ئەیار سلێمان) دراماتورگ و دەرهێنانی هونەرمەند (کرمانج مستەفا) بوو، بەرهەمی تیپی ڕۆژ - پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر بوو، لە میانی چوارەمین فیستیڤاڵی نێوەدەوڵەتیی شانۆی هەولێر لە ٢٠١٧/١٢/١٧ نمایش کرا.